حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# کارو چاڵاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان (وەرزی یەکەم ٢٠١٩)

## Activities & Achievements Report of Ministry of Planning - KRG

حوزەیران - ٢٠١٩

# ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان

# Activities & Achievements Report of Ministry of Planning

کورتەیەک لەسەر کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان　　ژمارە (٣٥)　　حوزەیران ٢٠١٩

## لەم ژمارەیە دا


- ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی ئەنجامە کانی پرۆگرامی ئافرەت و کار بۆ هێزی کاری گشتگیر لەهەرێمی کوردستان ..... ل٤
- بەرزکردنەوەی پلەی پۆلینی چوار کۆمپانیا و، هەڵوەشاندنەوەی پلەی شەشی دیکەو، دەرهێنانی دوو ئەندازیاری هاوبەش لە دامەزراندنی کۆمپانیاکان....... ل٦
- پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن ...ل٦
- کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان ..... ل٨
- کارو چالاکییەکانی دە ستە ی ئاماری هەرێم ..... ل١٣
- کاروچالاکییەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری ..... ل٢١
- کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی.........ل٢٤
- کارو چالاکیە کانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان .....ل٢٥
- کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی..............ل٢٧


## کورتەیەک دەربارەی وەزارەتی پلاندانان

ئەم وەزارەتە بەپێی یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی (٢٠٠٦)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ـ عێراق دامەزراوە، بەمەبەستی ئامادەکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی هەرێم و پێشخستنی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و هەروەها ڕۆشنبیرییەوە.

هەروەها وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەت و کەرتی تایبەت پلانە درێژ و مامناوەند و کورتخایەنەکان و پەرەپێدانی مرۆیی و پەیوەندییەکان دادەڕێژێت.

جگە لەمانەش پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات. وەزارەت هەروەها هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕووپێوی جیاجیا لە هەرێمدا بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سەرژمێریە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانووەکان و ڕووپێوی دیکەی گرنگ کە پەیوەندیدارن بە کەرتە جۆربەجۆرەکان و سێکتەرەکان.

## لەم ڕاپۆرتە دا

ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکان بڵاوکراوەیەکی وەرزیە، کە هەموو سێ مانگ جارێك لە وەزارەتی پلاندانان دەردەچێت، تیایدا ئەم کارو چالاکیە سەرەکیانە بەشێوەیەکی کورت و پوختکراو دەخاتە ڕوو کە لەم ماوەیەدا ئەنجامی داوە، چ ئەو چالاکیانەی کە لەلایەن خودی وەزارەتەوە یان بە هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت و لایەنە ناوخۆیی و بیانیە پەیوەندیدارەکان.

لەم ڕاپۆرتەدا تەنها ئاماژە بەکارو چالاکییە سەرەکییەکان کراوە بە شێوەیەکی کورت.

بۆ هەر وردەکاریەکیش یا بەکارهێنانی داتاکان پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پلاندانان یا ماڵپەڕی وەزارەت.

(www.mop.gov.krd)

ئامادەکراوە لەلایەن
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن
لە وەزارەتی پلاندانان



# هەندێک لە چالاکییەکانی بەڕێز وەزیری پلاندانان

# ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی پڕۆگرامی ئافرەت و کار بۆ هێزی کاری گشتگیر لەهەرێمی کوردستان

لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٤ بە ئامادەبوونی دکتۆر عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێوڕەسمێکدا کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی بانکی جیهانی هەروەها بە هاوکاری دەزگای ڕوانگە و ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان ڕێکخراوبوو، ڕێز گیرا لەو کۆمپانیایانەی کە سیاسەتی هاوڕێی خێزان پەیڕەو دەکەن لە نێوان هەردوو ڕەگەز و بەربەستی بەردەم کارکردنی ئافرەت لە کەرتی تایبەت ناهێڵن. هەر لەم ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەم دابەشکرا بەسەر کۆمپانیا نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر هەر سێ ئاستی کۆمپانیای بچوك و مامناوەند و گەورە کە بەشداربوون لەم پێشبڕکێیە بۆ ساڵی ٢٠١٨. لە میانەی وتارێکدا، وەزیری پلاندانان ڕایگەیاند کە بەشداری ئافرەتان لە هێزی کاری هەرێمی کوردستان یەکێکە لە نزمترینەکان لەسەر ئاستی جیهاندا بە ڕێژەی ١٤٪. ئەو ئافرەتانەش زیاتر لە کەرتی گشتی کاردەکەن: تەنها یەک لە سەدی ئافرەت لە کەرتی تایبەت کاردەکەن. هەروەها ڕایگەیاند کە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی دیدگای ٢٠٢٠ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ پیاوان و ئافرەتان لە بازاڕی کار و دەستگەیشتن بە کار و سەرچاوەکانی داهات، هەروەها پاراستنی کۆمەڵایەتی و چاودێری منداڵ. هەموو کەسێک لە هەرێمی کوردستان، بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، شایستەی دەستگەیشتنە بە کار و پیشەیەکی گونجاو. لە درێژەی ووتەکانیدا، د. عەلی سندی دووپاتیکردەوە کە بۆ بەدیهێنانی ئەم سیاسەتانە، حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ گۆڕینی یاساکان، بەرزکردنەوەی هۆشیاری و بونیاتنانی تواناکانی دامەزراوەکانی حکومەت. وەزارەتی پلاندانان بە یارمەتی بانکی جیهانی و بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەشنووسێکی نوێی یاسای کاری ئامادەکردوە بۆ نەهێشتنی هەندێک لە بەربەستە یاساییەکان بۆ کارکردنی ئافرەتان. ئێستا ئەم یاسایە چاوەڕوانی پەسەندکردنە. شایانی باسە دوو ساڵ لەمەوبەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری بانکی جیهانی، پرۆگرامی ئافرەت و کار بۆ بازاڕی کاری گشتگیر ڕاگەیاند، بە مەبەستی ئاشکراکردنی بەربەستەکانی بەردەم تواناداركردنی ئابوری ئافرەتان و یەکسانی ڕەگەزی. ئەم ڕێوڕەسمەش یەکێکە لە چوار بەشی ئەم پڕۆگرامە.



# چالاكییەكانی
# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# دیوان

# بەرزکردنەوەی پلەی پۆلینی چوار کۆمپانیا و، هەڵوەشاندنەوەی پلەی شەشی دیکەو، دەرهێنانی دوو ئەندازیاری هاوبەش لە دامەزراندنی کۆمپانیاکان

لیژنەی تۆمار و پۆلینکردنی بەڵێندەران لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵدا (٣) سێ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداوە، کە لە ئەنجامد (٦) شەش کۆمپانیای بۆ یەکەمجار پۆلینکردووە و پلەی پۆلینی (٤) چوار کۆمپانیایشی بەرزکردۆتەوە و پلەی پۆلینی (٦) شەش کۆمپانیاش هەڵوەشاوەتەوە، وە (٢) دوو ئەندازیاری هاوبەش لە دامەزراندنی کۆمپانیاکان دەرهێنراوە، وە داواکاری (١) یەك کۆمپانیاش ڕەتکراوەتەوە بەهۆی نەگونجانی تواناکانی لەگەڵ پێوەرەکانی هاتوو لە پەیرەوی پۆلینکردن ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٧.

لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلینکردنی بەڵێندەران ڕۆژانە کاری ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی گشت وەزارەت و لایەنەکانی حکوومی و ڕەزامەندیدان لەسەر فرۆشتنی پشکی هاوبەشان و دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکان و پاکتاوکردنی کۆمپانیاکان، دانان یان دەرهێنان لە لیستی ڕەش و پشتگیریکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کاری بەڵێندەرایەتی لە دەرەوی سنووری هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن، کە ئەمەش بێگومان دوای دیراسەکردنی دۆسێیەکانیان. جگە لەمانە و لە ماوەی وەرزی یەکەمی ئەمساڵدا ناسنامەی پۆلینکردن بۆ (١٥٢) سەد و پەنجا و دوو کۆمپانیا و بەڵێندەر نوێکراوەتەوە، دوای ئەوەی دیراسەی دۆسێیەکانیان کراوە و بەڵگەنامە پێویستییەکانیان پێشکەش کردووە. وە هەروەها ڕەزامەندی دراوە لەسەر گۆڕینی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو بۆ (٦) شەش کۆمپانیا لەگەڵ گواستنەوەی بارەگا و ونبوونی ناسنامە بۆ یەك کۆمپانیا. هەروەها لەسەر داواکاری دەزگاکانی حکوومەت ناوی(٤) چوار کۆمپانیاش خراونەتە لیستی ڕەش، بەم جۆرە کۆی گشتی ناوی ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی لە لیستی ڕەشدان تا ئێستا دەبێتە ( ٦٢) شەست و دوو کۆمپانیا و بەڵێندەر.

---

# پڕۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن

دوای واژۆکردنی یاداشتی دەستپێکردنی پڕۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی کۆری بۆ هاوکاری نێودەولەتی (کۆیکا) لە ساڵی ٢٠١٨، سەرەتای ئەمساڵ بە فەرمی دەستکرا بە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کە سێ ساڵ دەخایەنێت.

حکوومەتی کۆریای باشور بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بڕی شەش ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و دامەزراندنی سیستمی ئەلیکترۆنی بۆ گرێبەستە گشتیەکان لەخۆدەگرێت، وە بە تەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت برەو بدات بە پێوەرەکانی سەرجەم چالاکییەکان و ڕێکارەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی گرێبەستە گشتییەکان و لێپرسینەوەیان.

لەسەر داوەتنامەی بانکی نێودەوڵەتی، بەڕێوەبەری گرێبەستە گشتییەکان بەشداربوو لە بەرنامەی ئاستبەرزی (Capacity Building Program)کە لە شاری (دوبەی) لە وڵاتی ئیمارات بەڕێوەچوو و نزیکەی (٤٠٠٠) بەرپرسی حکوومی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و کەرتی تایبەت و شارەزایانی نێودەوڵەتی تێیدا بەشداربوون.

لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان بەردەوامە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پرۆژەی (تکامل) کە لەلایەن (USAID)ی ئەمریکی تەمویل دەکرێت، لە جێبەجێکردنی خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی حکوومی لەسەر ڕێنماییەکان و ستاندەردەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان.

خشتەی خولەکانی ڕاهێنانکە لە وەرزی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ ئەنجامدراون

| ژ | شوێنی خول | ڕێکەوتی ئەنجامدان | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|---|
| ١ | پارێزگای سلێمانی | ٢٤ – ٢٠١٩/٢/٢٦ | ١٩ |
| ٢ | پارێزگای هەولێر | ٣ – ٢٠١٩/٣/٧ | ٢٥ |
| ٣ | پارێزگای دهۆك | ١٧ – ٢٠١٩/٣/١٩ | ٢٥ |
| ٤ | پارێزگای هەولێر | ٣/٣١ – ٢٠١٩/٤/٢ | ٢٢ |
| | کۆی گشتی | | ٩١ |






# چالاکییەکانی
# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پڕۆژەکانی وەبەرهێنان

# سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان

# Funding Facility Economic Reform- KRG

پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان – پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکان بودجەی وەبەرهێنان کاریانکردوە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەی خوارەوە:

١- لە بەرواری ٢٠١٩/١/١٣ پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای سۆفت ماکس ئانجامدا بەمەبەستی ئامادەکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەکوردستان ئەنجامدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمپانیای سۆفت ماکس. لەکۆبونەوەکاندا تاوتۆی بەئەلکترۆنیکردنی داتای خانەنشینی لە ١٣



بەڕێوابەرایەتی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی کرا.

لەهەمانکاتدا تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کۆبونەوەیەکی ڕێکخست لەنێوان بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکان – وەزارەتی پلاندانان و نوێنەری کۆمپانیای سۆفت ماکس. لە کۆبونەوەکەدا نوێنەری کۆمپانیای سۆفت ماکس کورتەیەکی دەربارەی کارەکانیان پێشکەش بە بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکان کرد.

٢ - پرۆژەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بواری کشتوکاڵدا لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری ئەنجامدەدرێت. ڕەشنووسی ڕاپۆرتی کۆتایی هەریەک لە ڕاوێژکارانی بەرهەمی کشتوکاڵ و زنجیرەی بەهای و ئاودێری پێشکەش بە وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو و تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری کرا بەمەبەستی پێداچوونەوە.

٣ - لەمانگی ئاداری٢٠١٩ دا بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکان – وەزارەتی پلاندانان کۆبونەوەی لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان. کۆبونەوەکە بەمەبەستی تاوتۆکردنی پرۆژەی چاکسازی لە بواری پاراستنی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. بۆ هەمان مەبەست وا بریارە لەلایەن تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان ڕاوێژکاری شارەزا لەبواری پاراستنی کۆمەڵایەتی بگات بە کوردستان.

٤ - تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە میانی

ئەنجامدانی پرۆژەکانی چوارچێوەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەنیازن لەمانگی چواردا گرێبەست لەگەڵ دوو ڕاوێژکار ئەنجام بدەن ڕاوێژکاری شارەزا لە بواری چاکسازی کەرتی یاسایی کارەبا و ڕاوێژکاری شارەزا لەبواری بەهاوبەشکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە کەرتی کارەبا و بەهاوبەشکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا.

٥ - لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥ دا تیمی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و نوێنەری وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکان بودجەی وەبەرهێنان بەشداریانکرد لە کۆڕبەندی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان و ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر ئەنجامدرابوو.



# وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی تایبەت بە دامەزراندنی سیستەمی گرێبەستی ئەلیکترۆنی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی پلاندانان گرێبەستێکی لەگەڵ ئاژانسی کۆیکای کۆری واژۆ کردووە بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان. بودجەی پرۆژەکە لەلایەن حکومەتی کۆریای باشورەوە لەڕێگەی ئاژانسی کۆیکا وەک کۆمەک تەرخانکراوە و لەئێستادا پرۆژەکە جێبەجێکردنی دەستی پێکردووە و پسپۆرانی بواری گرێبەست لە هەرێمی کوردستانن بۆ ئەم مەبەستە، و لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تری حکوومەتی هەرێم پیکهێنراوە بۆ مەبەستی هەماهەنگی کردن لەگەڵ پسپۆرانی کۆری.




لەسەر بانگهێشتنامەی فەرمانگەیPPSی وڵاتی کۆریا و بەمەبەستی بەشداربوون لە وێرکشۆپی نێودەوڵەتی لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی کە لەڕێککەوتی ٢٤-٢٠١٩ /٤/٢٧ ئەنجامدرا، دوو کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان وەک نوێنەری وەزارەتمان بەشداربوون لە کۆنفراسی ناوبراو. بەگشتی تیشک خرایە سەر ئەزموونی وڵاتی کۆریا لە بەڕێوەبردنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی و ئەو پێشکەوتنەی لە بواری گرێبەستە ئەلیکترۆنیەکان بەدەستیان هێناوە و بەبەشداری ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی سەرەتایی و جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەن . هەرێمی کوردستان بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە و تێگەیشتن لە ئاستەنگ و گرفتەکانی و گونجاوی لەگەڵ دۆخی کوردستان و بەرەو پێشبردنی ئەم بوارە لە هەرێمی کوردستان شاندی وەزارەتمان بەشداربوون تیایدا.

# سیستەمی زانیاری پڕۆژەکان
# KDMS

١ - دانانی بودجەی تەرخانکراوی ساڵانەی پڕۆژەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی بودجەی دیاریکراوی هەرێم لە پەرلەمانی عراق و دیاریکردنی بەشی ساڵانەی وەزارەتەکان و پارێزگاکان و ناردنی ئەم بودجەیە بۆ وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی خەرجکردنی ئەم تەرخانکراوە بۆ بەڵێندەران لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩.

2 - نوێکردنەوەی گرێبەستی سیستەمی زانیاری پڕۆژەکان بە مەبەستی پەرەپێدان و فراوانکردنی زانیاریەکانی ناو سیستەم لە سەر بودجەی بانکی نێودەوڵەتی و بە هاوکاری کۆمپانیای ( Synergy international) لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩.

٣ - سەردانکردنی تیمی گرێبەستی KDMS بۆ وڵاتی ئەرمینیا و تاوتوێکردنی ناوەرۆکی گرێبەستی تازەی سیستەمی زانیاری پڕۆژەکان بە مەبەستی دانانی پلانی کاری پرۆژەکە بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو لە مانگی دووەمی ساڵی ٢٠١٩.

٤ - یەکەم سەردانکردنی شاندی کۆمپانیای Synergy ئەرمەنی لە سەر پلانی داڕێژراوی کاری پڕۆژەی سیستەمی زانیاری پڕۆژەکانی هەرێم بۆ وەزارەتی پلاندانان لە هەولێر و کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و ئامادەکاری بۆ داڕێشتی پلانی پەرەپێدان بە سیستەمی زانیاری پڕۆژەکان لە مانگی دووەمی ساڵی ٢٠١٩.

٥ - کارکردنی لەسەر نوێکردنەوەی زانیاری پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و داخل کردنی زانیاری تازەی خەرجی پڕۆژەکان کە لە لایەن وەزارەتی دارایی لە مانگی ٣ی هەرساڵ ڕەوانە دەکرێت.



# پڕۆژەی کۆمەکی یەکێتی ئەوروپا بۆ شارەوانییەکان




پڕۆژەی کۆمەکی یەکێتی ئەوروپا بۆ شارەوانییەکان لە ئاستی هەرێمی کوردستان و بە هەماهەنگی و هاوکاری وەزارەتی پلاندانان جێبەجێ دەکرێت. ئەم پڕۆژەیە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ دەستی پێکردووە و هێشتا بەردەوامە، گوژمەی تەرخانکراو بۆ ئەم پڕۆژەیە لە لایەن یەکێتی ئەوروپا بڕی یەک ملیۆن یۆرۆیە، شارەوانییە دەستنیشانکراوەکان لە هەر چوار پارێزگای هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجەن. ئامانجی ئەم پڕۆژەیە کۆمەکێکی هەرچەندە بچوکە بۆ شارەوانییەکان بەڵام ئاماجی سەرەکی بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی کارمەندان و ئەندازیارانی ئەم شارەوانیانەیە، هەر شارەوانییەک ئەرکی دەستنیشانکردنی پڕۆژەی لەسەر شانە و بتوانێت پڕۆژەیەکی گونجاو بەپێی پێوەرە دیاریکراوەکان دەستنیشان بکات و هەمان شارەوانی جێبەجێیان بکات. لەم پڕۆژەیە هەوڵدراوە خودی شارەوانییەکان بڕیاردەری سەرەکی بن و وەزارەتی پلاندانان تەنها هاوکاریان بێت.

سەرەتای دەستپێکی ئەم پڕۆژەیە بە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی شارەوانییەکان لە وەزارەتی پلاندانان دەستی پێکرد بۆ ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە و وردەکارییەکان، هەر شارەوانییەک ڕاسپێردرا کە سێ ئەندازیار بۆ بەشداری کردن لە خولێکی سێ ڕۆژەی ئامادەکردنی پڕۆپۆزاڵ و دەرخستە دەستنیشان بکات، لە ( ٢٠١٨/٧/٣٠ هەتا ٢٠١٨/٨/١) خولی یەکەم لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. شارەوانییەکان بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو پڕۆپۆزاڵەکانیان ئامادەکرد و لە وەزارەتی پلاندانانیش سێ لیژنە پێکهات بۆ هەڵسەنگاندنی پڕۆپۆزاڵەکان. بە مەبەستی ڕاهێنانی تیمی جێبەجێکاری شارەوانی پڕۆپۆزاڵە براوەکان، خولی دووەمی ڕاهێنانی جێبەجێکردنی پڕۆژە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (٢٠١٩/١/٨ هەتا ٢٠١٩/١/١٠) بەناونیشانی بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی پڕۆژە لە هەولێر بەڕێوەچوو. لە دوای ئەم خولە ڕاهێنانە پڕۆژەکان چووە بواری جێبەجێکردن. لە وەزارەتی پلاندانان چوار تیمی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون پێکهاتووە و سەردانی پڕۆژەکان دەکەن.

ئەم پڕۆژەیە کە هەتا ئێستا بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچووە لە کۆتایی دا دەبێتە پڕۆژەیەکی نمونەیی لە بواری بەڕێوەبردنی سەربەخۆی بودجە، ڕاهێنانی تواناسازی، جێبەجێکردن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن تیمەکانی وەزارەتی پلاندانان و شارەوانییەکان بەڕێوەچووە و یەکێتی ئەوروپا تەنها لایەنی دارایی لە ئەستۆ بووە ، سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیەش دەروازەیەکە بۆ هاوکاری زۆرتر لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا.

# چالاکییەکانی

# دەستەی ئاماری هەرێم

# کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای ڕووپێوی باردودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان I WISH لە عێراق

بەمەبەستی دەستپێکردنی ئامادەکاری بۆ ڕووپێوی باردودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان لە عێراق ، لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٤ لە دیوانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لەشاری بەغدا کۆبوونەوەی یەکەمی لێژنەی باڵای ڕووپێوەکە نجامدرا.

کۆبوونەوەکە بە سەرپەرشتی ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەڕێوەچوو کە لەهەمان کاتدا سەرۆکی لێژنەی باڵایە و بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم و بەرپرسی بەشی ئامارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە لە دەستەی ئامار و نوێنەرانی وەزارەتی تەندروستی لە حکوومەتی فیدرال و بەرپرسی نوسینگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA بەڕێوەچوو.

ئەم ڕووپێوە بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و بە هەماهەنگی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA بڕیارە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ دەستبکرێت بە ئەنجامدانی ئامادەکارییەکان بۆ ئەوەی لەم ساڵەدا بچێتە بواری جێبەجێ کردن.

خولی یەکەمی ئەم ڕووپێوە لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجامدراوە و بەمەبەستی نوێکردنەوە و بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە دۆخی ئافرەتان بڕیاردراوە ئەمساڵ خولی دووەمی ڕووپێوەکە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ڕووپێوەکە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و تایبەت بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ ئافرەتان لە خۆوە دەگرێت و لە هەموو پارێزگاکانی عیراق و هەرێمی کوردستان -یش ئەنجامدەدرێت.



# خولی ڕاهێنانی توێژەران بۆ ڕووپێوی گەنجان و لاوان لە هەرێمی کوردستان

دەستەی ئاماری هەرێم سەرقالی ئەنجامدانی ڕووپێوی نیشتمانی گەنجان و لاوانە لە هەرێمی کوردستان بەهاوکاری سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA و بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و وەزارەتی ڕۆشەنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوان لە حکومەتی فیدرال.

لە بەرواری ٩ – ١٥ / ٢/ ٢٠١٩ لە هۆتێل کریستال لە شاری هەولێر خولی ڕاهێنانی بۆ توێژەرانی کاری مەیدانی ڕووپێوی نیشتیمانی گەنجان و لاوان ئەنجامدرا.

ئەم ڕووپێوە یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجامدرا و دوای ئەو گۆرانکارییە سیاسی و دیمۆگرافیانەی دوای ساڵی ٢٠١٤ لە عیراق و ناوچەکەدا ڕوویاندا و بەهۆی هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ ناوچەکە و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك دیاردەی تازە و نوێ لە نێوان گەنجان و لاوان بە پێویست زانرا، تا زانیاری و نیشاندەری تایبەت بە ڕەوشی لاوان لە تەمەنی ١٠ – ٣٠ ساڵی بەدەست بهێنرێت.

دوای تەواوبوونی خولی ڕاهێنانکاری مەیدانی تاقیکردنەوە Pılot Survey لە شاری هەولێر بە بەشداری هەموو توێژەرانی مەیدان ئەنجامدرا بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی پرسیارنامەی ڕووپێوەکە و، دواتر گفتوگۆ کرا لەسەر تێبینیەکانی بەدەستهاتوو لە میانەی کاری مەیدانی.

بریارە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو دا کاری مەیدانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پێی هەڵبژاردنی سامپل ، کە بۆ هەر پارێزگایەك ٦٢٥ خێزان لە هەردوو ناوچەی شارنشین و گوندنشین دەستنیشانکراوەو چاوپێکەوتنیش بۆ ئەو خێزانانە ئەنجام بدرێت کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە تەمەنی ١٠ -٣٠ ساڵیان هەیە.

---

# کاری مەیدانی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان بۆ ساڵی ٢٠١٩



دوای تەواو بوونی خولی ڕاهێنانی توێژەران بۆ ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان و لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم قۆناغی کاری مەیدانی دەستی پێکرد لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢ بە پێی ناوچەکانی شارنشین و گوندنشین لە قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژی کارکردنی فعلی بەردەوام دەبێت جگە لە ڕۆژانی هەینی.

ئەم ڕووپێوە بەهاوکاری ڕێکخراوی UNFPAئەنجام دەدرێ و بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و وەرزش و لاوانی عیراقی فیدڕاڵ

# کۆبوونەوەی سێیەمی جیهانیی تایبەت بە گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی ئاوارەو پەنابەران

لە ڕۆژانی ١٢ -١٤ی شوباتی ٢٠١٩ سێیەمین کۆبوونەوەی پسپۆڕانی ئامارەکانی ئاوارە و پەنابەران لەسەر ئاستی جیهان EGRIS لە شاری ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا، کە لە لایەن ناوەندی توێژینەوە و ڕاهێنانە ئاماری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ئیسلامی میوانداری کرا، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم، و بەرپرسی بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار لە دەستەی ئامار بەشدار بوون. ئەرکی ئەم گروپە کە لە ساڵی ٢٠١٥ دەستبەکاربووە بریتییە لە دامەزراندنی ڕێبەرێك بۆ ئامارەکانی تایبەت بە ئاوارە و پەنابەران بۆ ئەوەی ڕێساو یاسای یەکگرتوو بۆ گشت وڵاتانی جیهان لەم بوارەدا بەردەست بێت و بەراوردکاریش لە نێوان وڵاتان بۆ ئەم جۆرە ئامارانە کارێکی ئاسان و زانستی بێت. لەم کۆبوونەوەیەدا، دوایین گۆڕانکاری و تازەکراوەکان لە ڕەشنووسی تایبەت بە ئامارەکانی ئاوارە و پەنابەران لەلایەن ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە تاوتوێ کرا و بڕیار درا کە گشت گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان و پەسەندکراوەکان یەك بخرێن و دوایین ڕەشنووسی پڕۆژەکە لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٩ بخرێتە بەردەستی ئەندامانی گروپ بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت و، ئامادە بکرێت بۆ پەسەندکردنی کۆتایی و ناردنی بۆ بەردەم کۆمسیۆنی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان کە بڕیارە لە مانگی ئاداری ٢٠٢٠ ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت و کاری پێبکرێت.

# وۆرکشۆپی لیژنەی باڵای پڕۆژەی چاکسازی لە ڕاهێنان و خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لەعێراق و هەرێمی کوردستان Technical and Vocational Education and Training - TVET

لە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ ی شوباتی ٢٠١٩، ڕێکخراوی UNESCO وۆرکشۆپێکی ڕێکخست لەبەغدا بۆ هەردوو لیژنەی باڵا و لیژنەی وەزاریی پڕۆژەی چاکسازیکردن لە ڕاهێنان و خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی TVET لە عێراق و هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی دیکە کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ سوودمەندی پڕۆژەکەن و، هەروەها نوێنەرانی کەرتی تایبەت لە شاری بەغدا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە لەپێشینەکان (ئەولەویات)ی پڕۆژەکە. دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا، پەروەردە و کار کاروباری کۆمەڵایەتی و یەکێتیی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان وەك لایەنە پەیوەندیدارەکانی پڕۆژەکە بەشداری وۆرکشۆپەکە بوون. لەم وۆرکشۆپەدا کە بریکاری وەزیری



خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی عێراقی فیدراڵ، نوێنەرانی ڕێکخراویUNESCO و یەکێتی ئەوروپا بەشداربوون، گشت ئەو تەوەرانەی کە لە پڕۆژەکەدا تاوتوێ کراون پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و، دوای گفتوگۆکردن پێشنیار و ڕاسپاردەکانی ئامادەبووان وەرگیران بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێویست ئەنجام بدرێت و پڕۆژەکە بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکرێت.

- بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی تایبەت بە ڕاهێنان لەسەر جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کار، کە لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لەلایەن ڕێکخراوی جیهانیی کار ILO ساز کرابوو.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵانی ٢٠١٤ -٢٠١٨.
- وەرگێڕانی پیشەکان لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی، کە لە ڕووپێوی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی لاوازبوونی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان دا هاتبوو.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی سەندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA سەبارەت بە کار و چالاکی و پلانەکانی داهاتووی ئەم ڕێکخراوە بۆ ساڵی ٢٠١٩ و، هەروەها شێوازی هاوکاری کردنی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی و هاوکاری ڕاستەوخۆیان لە نێواندا هەیە.

## بەشی ئامارەکانی گواستنەوە وگەیاندن

١.ئامادەکردنی نیشاندەری ئاماری بۆ ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ، ئۆتۆمۆبیلی کەرتی تایبەت، چالاکی گواستنەوەی ئاسمانی و درێژی ڕێگاکانی قیرتاوکراو بۆ ساڵانی ٢٠١٤ -٢٠١٧ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
٢. ئامادەکردنی نوسراوی فەرمی بۆ وەزارەتی شارەوانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ئاماری تایبەت بەدرێژی ڕێگاکانی (سەرەکی، لاوەکی، گوندی)ەکان بۆ ساڵانی ٢٠١٤ - ٢٠١٨
٣. سەرپەرشتی کاری مەیدانی بۆ ڕووپێوی گەنجان و لاوان لە هەرێمی کوردستان.
٤. دەرکردنی ڕاپۆرتی چالاکی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ ساڵی ٢٠١٧ لە چوارچێوەی پلانی جێبەجێکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ ساڵی ٢٠١٧ بەشی گواستنەوەو پەیوەندییەکان بۆ ساڵی ٢٠١٧ وە جێبەجێکردنی لەساڵی ٢٠١٩، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن وە بەڕێوەبەرایەتی پلان دەست کرا بە بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری چالاکی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ ساڵی ٢٠١٧، وە بەدەستهێنانی نیشاندەرەکان دەربارەی ژمارەی فڕۆکەی هاتوو و ڕۆیشتووەکان، وە گەشتەناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان بۆ فڕۆکەخانەکانی تر هەروەها گواستنەوەی کاڵا.
٥. دەرکردنی ڕاپۆرتی ئۆتۆمۆبیلەکانی کەرتی تایبەت کە تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٧ بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان.
ئامانجی ئەم ڕاپۆرتەش گەیشتنە بە داتاو زانیاری لەسەر ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان بە گوێرەی جۆری ئوتومویل(نەفەر هەڵگر ، بار هەڵگر ، تاکسی) ، وە جۆری سوتەمەنی بەکارهاتوو (بەنزین ، دیزل) وە هەروەها ئۆتۆمۆبێلەکان بە گوێرەی ساڵی دروستکردنییان .

## بەشی ئاماری کشتوکاڵ و ژینگە

- ئامادەکردنی پلان و بودجەی ڕووپێوی ڕووبەری چاندراوی بەروبومی زستانە ٢٠١٨ - ٢٠١٩ ئەم ڕووپێوە ڕووپێوێکی وەرزییە و پێویستە ساڵانە ئەنجام بدرێت بۆ دەستکەوتنی داتاو زانیاری بۆ ئەوەی ڕوماڵێکی بارودۆخی چاندراوی زوییەکانی ژێر دەستی جوتیارەکان بکات، دواتر بە شێوەی نیشاندەر ژمارەی ڕاستەقینەی بارودۆخەکان بخرێتە ڕوو .

- ئامادەکردنی نیشاندەرەکانی تایبەت بە کشتوکاڵ و ژینگە بۆ ڕاپۆرتی ئاماری ساڵانەی دەستە بە ناوی ڕاپۆرتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٤ – ٢٠١٨ بە نیشاندەر، دەستەی ئاماری هەرێم بۆ یەکەمین جار ڕاپۆرتێکی ئاماری ئامادە دەکات لە هەموو بەشەکانی دەستە کە تیایدا بەشی ئاماری کشتوکاڵ و ژینگە پوختەی ئامارەکانی خۆی لە ساڵی ٢٠١٣ -٢٠١٨ بە شێوەیەکی کورت و پوخت داتاکانیان خسۆتە بەردەست.

## بەشی شیکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا

- شیکردنەوەی ئەنجامەکانی باری گوزەرانی خێزان لە عیراق و هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢ و تاکو ئێستاش بەردەوامە.
- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی توێژەرانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە ڕێکەوتی ٩-٢٠١٩/٢/١٤.
- پێداچوونەوە بە پرۆگرامی تۆماری ڕووپێوی تایبەت بەبارودۆخی ئافرەتان لە عیراق و هەرێمی کوردستان I WISH لە ٢٠١٩/٢/١٥ تا ٢٠١٩/٣/٣١.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٩ کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٠ دەستپێکراوەو تاکو ئێستاش بەردەوامە.
- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی تیم لە ڕێکەوتی ٢٥-٢٠١٩/٢/٢٨.
- بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی بەهێزکردنی توانستی سەرژمێری و ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام لە ڕێکەوتی ١١-٢٠١٩/٣/١٦ لە شانشینی ئوردن - عەممان کە وۆرشۆپەکە لەلایەن ڕێکخراوی UNFPA ڕێکخرا بوو وە تایبەت بوو بە وولآتانی عەرەبی.



## بەشی ئاماری بیناسازی

- خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی ئاماری ڕێپێدانی مۆڵەتی بینا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی دەستەی ئامارو بەشی ژمێریاری و گشت بەشەکانی ئاماری بیناسازی لە پارێزگاکان.
- بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان ، کۆکردنەوەی داتای ژمارەی مۆڵەتی ڕێپێدانی بیناکان لە ٢٠١٨ بەردەوامە .

## بەشي ژمارەي پێوانەيي وژمێرياري نەتەوەيی

## CONSUMER PRICE INDEX—CPI

نرخی بەکاربەر و ژمارەی پێوانەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٨

**CPI FOR KURDISTAN REGION FOR DEC - 2018**

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | ٩٢.٧ | ٨٩.٤ | ٩٦.٢ | ٩٠.٥ | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | ١٢٣.٢ | ١٣٨.٧ | ١١٠.٠ | ١٢٩.٧ | خواردەمەنیە کحولیەکان و توتن |
| Clothes and Footwear | ٩٣.٥ | ١٠٢.٩ | ٩١.٠ | ٩١.١ | جل و بەرگ وپێڵاو |
| Housing, Water, Electricity | ٩٣.٩ | ١١٤.٤ | ٨٨.٤ | ٨٨.٨ | کرێی خانوو ئاو و کارەبا سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | ٩٢.٩ | ٨٩.٣ | ٨٩.٥ | ٩٨.٩ | پێداویستیەکانی ناو ماڵ وچاککردنەوە |
| Health | ١١٧.٣ | ١٣٢.٥ | ١١٣.٣ | ١١٣.٤ | تەندروستی |
| Transportation | ٩١.٣ | ٨٩.٩ | ٨٨.٣ | ٩٥.٥ | گواستنەوە |
| Communications | ١٠٩.٨ | ١٠٦.٩ | ٩٩.٣ | ١٢٣.٥ | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | ٩٨.٤ | ٨٢.٥ | ١٠٥.٢ | ٩٩.٦ | رۆشنبیری |
| Education | ١١٣.٦ | ١٢٣.١ | ١١٩.٧ | ١٠١.٤ | پەروەردە |
| Restaurants | ٩٧.٥ | ٩٩.٧ | ٩٢.٨ | ١٠١.٧ | چێشتخانەکان |
| Miscellaneous Services and | ٨٨.٨ | ٩١.٣ | ٩١.٤ | ٨٤.٥ | کەرستەو خزمەت گوزارییە جۆراو جۆرەکان |
| General Index Number | ٩٥.٥ | ٩٧.٨ | ٩٣.٠ | ٩٧.١ | تێکرای گشتی |

## نرخی بەکاربەر و ژمارەی پێوانەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٩

**CPI FOR KURDISTAN REGION FOR JAN -2019**

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | ٩٠.٦ | ٩٠.٢ | ٩١.٥ | ٨٩.٨ | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | ١١٩.٥ | ١٣٨.٧ | ١٠١.٣ | ١٢٩.٧ | خواردەمەنیە کحولیەکان و توتن |
| Clothes and Footwear | ٩٣.٠ | ١٠٢.٩ | ٩١.٢ | ٨٩.٦ | جل و بەرگ وپێڵاو |
| Housing, Water, Electricity | ٩٦.٤ | ١١١.٧ | ٩٤.٤ | ٩٠.٣ | کرێی خانوو ئاو و کارەبا سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | ٩٢.٥ | ٨٩.٤ | ٨٨.٥ | ٩٨.٩ | پێداویستیەکانی ناو ماڵ وچاککردنەوە |
| Health | ١١٦.٦ | ١٣٢.٥ | ١١١.٣ | ١١٣.٩ | تەندروستی |
| Transportation | ٩٠.٩ | ٨٣.٣ | ٨٩.٤ | ٩٦.٨ | گواستنەوە |
| Communications | ١١٦.٨ | ١١١.٣ | ١١٨.٩ | ١١٧.٣ | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | ٩٨.٦ | ٨١.٥ | ١٠٦.٧ | ٩٨.٨ | رۆشنبیری |
| Education | ١١٣.٦ | ١٢٣.١ | ١١٩.٧ | ١٠١.٤ | پەروەردە |
| Restaurants | ٩٧.٦ | ١٠٠.١ | ٩٢.٨ | ١٠١.٧ | چێشتخانەکان |
| Miscellaneous Sevices and | ٩١.٧ | ٩٩.٦ | ٩٣.١ | ٨٥.٨ | کەرستەو خزمەت گوزاریە جۆراو |
| General Index Number | ٩٥.٦ | ٩٦.٨ | ٩٣.٦ | ٩٧.٤ | تێکرای گشتی |

## نرخی بەکاربەر و ژمارەی پێوانەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ مانگی شوباتی ٢٠١٩

**CPI FOR KURDISTAN REGION FOR FEB-2019**

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | ٩٠.٦ | ٩٠.٤ | ٩٠.٧ | ٩٠.٥ | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | ١١٩.٥ | ١٣٨.٧ | ١٠١.٣ | ١٢٩.٧ | خواردەمەنیە کحولیەکان و توتن |
| Clothes and Footwear | ٩٢.١ | ١٠٠.٩ | ٩٠.٢ | ٨٩.٤ | جل و بەرگ وپێڵاو |
| Housing, Water, Electricity | ٩٥.١ | ١١٠.٩ | ٩٣.٦ | ٨٨.٠ | کرێی خانوو ئاو و کارەبا سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | ٩٣.٥ | ٨٩.٤ | ٩٠.٣ | ٩٩.٥ | پێداویستیەکانی ناو ماڵ وچاککردنەوە |
| Health | ١١٧.١ | ١٣٢.٥ | ١١١.٧ | ١١٤.٦ | تەندروستی |
| Transportation | ٨٨.٢ | ٨٣.١ | ٨٥.٤ | ٩٤.٣ | گواستنەوە |
| Communications | ١١٣.٦ | ١١١.٣ | ١١١.٥ | ١١٧.٣ | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | ٩٧.٤ | ٨٠.٧ | ١٠٤.٥ | ٩٨.٤ | رۆشنبیری |
| Education | ١١٣.٦ | ١٢٣.١ | ١١٩.٧ | ١٠١.٣ | پەروەردە |
| Restaurants | ٩٧.٦ | ١٠٠.١ | ٩٢.٨ | ١٠١.٧ | چێشتخانەکان |
| Miscellaneous Sevices and | ٩٣.١ | ٩٩.٨ | ٩٣.٩ | ٨٨.٥ | کەرستەو خزمەت گوزاریە جۆراو جۆرەکان |
| General Index Number | ٩٤.٨ | ٩٦.٥ | ٩٢.٢ | ٩٦.٨ | تێکرای گشتی |

# چالاکییەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری

ئاماری کاروچالاکی نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی بۆ وەرزی یەکەم ساڵی ٢٠١٩ - لێژنەکانی قائیمقامیەت کە پێکدێت لەم لیژنانە:

| لێژنەکان | ژمارەی سەردان | پسوولەی سەرپێچی | ئاگادارکردنەوە | داخستن | دادگا | غەرامە | مەوادو کالای دەست بەسەرداگیراو بە تەن و دانەو پارچە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لێژنەی بالا | ٧٤٣ جار | ٨ پسوولە | ٤٤٣ | ٨ شوین | نیە | نیە | ١.٣١١ تەن |
| لێژنەی کۆگاکان | ٢٦٠ جار | ١٩ پسوولە | ٣ | نیە | نیە | نیە | ٢٢٩ تەن<br>٧٤ کارتۆن<br>١٠٦٤ پارچە |
| لێژنەی سوتەمەنی | ٣٣١ جار | ١٢ پسولە | ٣ | نیە | نیە | نیە | نیە |
| لیژنەی ژینگە | ١٢٦ جار | ٧ پسوولە | ٣٥ | نیە | نیە | نیە | نیە |
| لێژنەی بەدواداچوونی کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان و خانوو پلاستیکیەکان | ٥٣٠ جار | ١٧ پسوولە | ٦٢ | ١شوین | نیە | نیە | ١٦٣٨ دانەی جۆراوجۆر لە مەوادی قرکەری قەدەغەکراو تۆمار نەکراو |
| لێژنەی ئارایشتگاکان | ٣٣١ جار | ١٦ پسوولە | ٢٢ | ١ | نیە | نیە | ٠.٠٥٥ تەن |
| لێژنەی چاودێری سیستەمی غاز | ٦٢ جار | ١٤ پسوولە | ٣١ | نیە | نیە | نیە | نیە |
| لێژنەی هاوبەشی تەندروستی | ١٧٢ جار | ٩٦ پسوولە | ١٦ | نیە | نیە | نیە | ٥٢١ پارچە |

برو ناوی مەوادە هاتووەکان لە مەرزەکانی باشماغ پەرویز خان لە وەرزی یەکەم ساڵی ٢٠١٩
(پاککەرەوە ، مەوادی بیناسازی ، مەوادی کارەبا ، مەوادی چێشتخانە ، مەوادی پلاستیکی ،
یاری مندالان ، مەوادی سەیارات ... )

| بری هاتوو / تەن | | | بری هاتوو / کارتۆن | | | بری هاتوو / دانە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگەپێدراوە | ڕێگە پێنەدراوە | لەناوبراوە | ڕێگە پێدراو | ڕێگە پێنەدراوە | لەناو براوە | ڕێگە پێ دراوە | ڕێیگەپێ نەدراوە | لەناو براو |
| ٢٠٩٧٦<br>بیست هەزارو نۆسەدو حەفتاو شەش تەن | نیە | نیە | | ١٠٤٠٥١٠<br>یەک ملیۆن و چل هەزارو پێنج سەدو دە کارتۆن | نیە | ١٩٦<br>سەدو نەوەدو شەش دانە | نیە | نیە |

ئاماری هاتوو لە کۆمپانیای ( lux agency) لە مەرزی پەروێز خان بۆ وەرزی یەکەم ساڵی ٢٠١٩ (٧٢٧١) دانە ئۆتۆمبێل وە بری (١٤٢٢٩٠) تەن مەوادی هاتوو بوو.

## خشتەی پشکنینی ئەنجامدراو لە تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی

| مانگ | کۆی پشکنین | دەرچوو | دەرنەچوو |
|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | ٥٠ | ٢١ | ٢٩ |
| شوبات | ٩٥ | ٦٣ | ٣٢ |
| ئادار | ٩٥ | ٢٧ | ٦٨ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١١١ | ١٢٩ |

- کاروچالاکی هۆبەی کۆنترۆلی جۆری لە بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی - بەدواداچوون و ووردبینی کردنی کارەکانی پشکنین لە خاڵە سنووریەکان.

- هۆبەی چاودێری بازار سەردانی (٥) کۆمپانیای تانکی غازی (LPG) کردووە بە مەبەستی بەدواداچوون، وە سەردانیکردنی (٢) کۆمپانیای هاوردەکردنی ڕۆنی ئۆتۆمبێل و بەرهەمهێنەری ڕوونی ئوتومبێل.

---

کاروچالاکی وەرزی یەکەم لە هۆبەی خشل / بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک) جۆری کارو چالاکییەکانی هۆبەی هونەری (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک )

| جۆری کارو چالاکی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| دەرهێنانی مۆلەتی زێڕینگری | ١٥ | - | ١٩ |
| دەرهێنانی فرۆشتنی زێڕ بە کۆمەل | ١ | - | - |
| دەرهێنانی مۆلەتی وەرشەی زێڕ | ٣ | - | ٥ |
| تازەکردنەوەی مۆلەتی زێڕینگری | ٢٠٩ | ١٤١ | ٦٦ |
| تازەکردنەوەی فرۆشتنی زێڕ بە کۆمەل | ٣ | ٦ | - |
| تازەکردنەوەی مۆلەتی وەرشەی زێڕ | ٢٣ | ٧ | ١٤ |
| پشکنینی خشلی هاوردە (زێڕ، زیو ،پلاتین) | ٥٤٠.٣٩٠ پێنج سەدو چل کیلۆ و سێ سەدو نەوەد گرام | ٢٤٨.٤٧٤ دووسەدو چل و هەشت کیلۆ و چوارسەدو حەفتاو چوار گرام | ١٠٤.٠٨١ سەدو چوار کیلۆ و هەشتا یەک گرام |
| پشکنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ | ٥٣٦ | ١٦٩ | ٥٠٧ |
| پشکنینی دووکانی وەرشەی زێڕینگر | ١٩ | - | ٣٠ |
| کێشکردنی تەرازوو | ٥٣٦ | ١٧١ | ٤٩٢ |
| سەردانی لێژنەی چاودێری بازار | ١٧ جار | ١٦ جار | ١٠ جار |
| زێڕی پشکێنراو لە لایەن لێژنەی چاودێری | ٤٢٧ گرام | - | ١٢٥٠ گرام |
| تاقیکردنەوەی زێڕینگران و خاوەن وەرشەکان | ١٩ زێڕینگر | - | ٣٣ زێڕینگر |

# چالاكییەكانی
# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پلاندانانی ستراتیجی

کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی لە وەرزی یەکەمی ئەم ساڵدا بریتین لە :

- کۆبونەوەی بەرێوەبەرەکان لەگەڵ بەڕێز بەرێوەبەری گشتی (بە وەکالەت) دەربارەی کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی .
- دانانی پلانی کار بۆ ماوەی ساڵی داهاتوو (٢/١ تاكو ٢٠١٩/١٢/٣١ ) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی.
- وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتای نوێ تا ٢٠١٨/١٢/٣١ لەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕەشنوسی پلانی ستراتیجی وەزارەت، وە تۆمارکردنیان لە ڕەشنوسەکە.



## کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان ( حیدر مصطفی سعید ) دوایین کۆبوونەوە لەگەڵ خاتوو ( کاسای کۆمیکۆ) ڕاوێژکاری پرۆژەکان لە ڕێکخراوی جایکای ژاپۆنی لە ڕۆژی (٢٠١٩/٢/١٣) ئەنجام دا، بەمەبەستی سوپاسگوزاری بۆ کارەکانیان لە هەرێمی کوردستان و ماڵئاوایی لێکردنی بەرێزیان.

## کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوی (VNG) هۆڵەندی

لە بەرواری (٢٠١٩/٢/٢١) بەرێز بەرێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرێز (ئارنی موچ) بەرێوەبەری پرۆگرامی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقیا لە رێکخراوی (VNG) هۆڵەندی گرێ دا، لەم دیدارەدا باسی لە دوایین پێشکەوتەکانی پرۆژەکانیان لە شاری دهۆك کرد و ، بەتایبەتی لە کەمپی دۆمیز و تیایدا هەڵسەنگاندن بۆ داڕشتنی ماستەر پلانی پێویست کرا کە بگونجێت لەگەڵ پرۆژەکانیان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە پرۆژەکە دروستی دەکات لەکاتی جێبەجێکردنیدا.

جێگەی ئاماژەیە کە پرۆژەکانی (VNG) گۆڕانکاری پۆزەتیڤانە لە ژێرخانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و ، هەر بۆیەش دەستخۆشی لە ناوبراو و تیمی پەیوەندیدار بە پرۆژەکانیان کرا لە کۆبوونەوەکەدا.

# چەند کۆبوونەوەیەک و بەشداریکردن لە بەخشینی بڕوانامەی خولی ڕاهێنان

ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی (٢٠١٩/٣/٤) لەگەڵ بەڕێوەبەری UNIDO لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کاری ئێستای ڕێکخراوی ناوبراو و دارشتنی پلان و پرۆژەکانی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان.

ڕێکخراوی UNIDO کاری کردووە لەسەر چەندین پرۆژەی پەرەپێدانی توانای گەنجان لە بواری جیاجیا، کە پەیوەندیدارن لەگەڵ بازاڕی کار و دابینکردنی هەلی کار، جێگەی باسە کە ڕێکخراوی UNIDO هاوکاری چەندین کارگەی بچووکی پیشەسازی خۆراکی کردووە لەگەڵ یارمەتدانی دەیان جوتیار و ڕاهێنانیان لەسەر شێوازی چاندن و بەرهەم کۆکردنەوە و پرۆسێسی خۆراك



بەشێوەیەکی تەندروست. لە دواین تەوەریشدا باس لە ئاهەنگیی بەخشینی بروانامە کرا بۆ یەکێك لە دەرچووانی پرۆژەکانی ڕاهێنانە پیشەییەکانیان بۆ کەمەڵێك گەنجی ( ئاوارە، پەنابەر و کۆمەڵگەی خانەخوێ)



# چالاکییەکانی
# بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی

## ناوی خول و ژمارەی بەشداربووان لەم وەرزەدا

| ناوی خول | ژمارەی بەشداربووان | کاتی خول |
|---|---|---|
| بیرکردنەوەی ستراتیجی | ٢٠ | کانوونی دووەم |
| بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی | ٢٢ | |
| بیرکردنەوەی ستراتیجی | ٢٩ | |
| سیمینار -چالاکیی نێوخۆیی | ستافی پەرەپێدانی مرۆیی | |
| پەیوەندییە کارگێڕییەکان بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠ | شوبات |
| بەڕێوەبردنی تیم | ٢٦ | |
| بەڕێوەبردنی سیاساتی گشتی | ٢٥ | |
| پەیوەندییە کارگێڕییەکان | ٢٥ | |
| کارگێڕی ئەلیکترۆنی | ٢٨ | ئادار |
| بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی | ٢٧ | |
| کارگێڕی گشتی | ٣٠ | |




